دیاری بەرزنجی:

کاری مۆسیقا ژەنین لای من زۆر پیرۆزترە لە گۆرانی گوتن

سازدانی: فازل عەباس

- سەرەتای چوونە نێو جیهانی گۆرانی و مۆسیقا دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟

+ دەتوانم چوونە ناو گۆرانی و مۆسیقام بگەڕێنمەوە بۆ سەرەتای چێژ وەرگرتنم لە گۆرانی و مۆسیقای ڕەسەن کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوویەکی دوور، دەتوانم بڵێم لە ساتی منداڵیمەوە، کە بەرهەمی ڕەسەنم لا زۆر بە نرخ بوو، بێ ئەوەی هیچ شتێك دەربارەی مۆسیقاو هونەر بزانم.

بەڵام سەرەتای دەست پێکم ئەو کاتەبوو کە عودێکم کڕی و دەستم کرد بە مەشق کردن لەسەری بە هاوکاری ئەندامانی تیپی باواجی کۆیە، لە هەر یەکەی شتێك فێربووم.. تا ئەو کاتەی بووم بە ئەندام لە تیپی باواجی کۆیەی خۆشەویست... ئینجا مەشقەکەم گواستەوە بۆ سەر ئامێری چەلۆ لەسەر پێشنیاری بەڕێزان مامۆستا زاهیر محەمەد و مامۆستا جەلال عەزیز بە هاوکاری کاك سەروەت محەمەد..

- مۆسیقا ژەنین وای کرد کە ببیت بە گۆرانی بێژ یاخود بە پێچەوانەوە؟

+ لەو کاتەی مەشقی چەلۆم دەکرد، لە هەمان کات گۆرانیشم دەگوت.. دەتوانم بڵێم کە بە یەکەوە دەستم پێکردن.. بەڵام کاری مۆسیقا ژەنین لای من زۆر پیرۆزترە لە گۆرانی گوتن.. لەبەر ئەوەی مۆسیقا زانستە و هەر ئەو بناغەیە بۆ داهێنانی هونەری.. بەڵام کەم کەس هەیە بەهەرەی دەنگ خۆشی تیادا نەبێت.. بەڵام لەبەر نەڕەخسانی بوارو هەندێ باری کۆمەڵایەتی و خێزانی و نەبوونی زەمینەو کاتی گونجاو.. دەنا هەمووی دەبوون بە گۆرانی بێژ.. کە واتە مۆسیقا لای من موقەدەسترە.

- ئاستی هونەری گۆرانی و مۆسیقا لە کوردستاندا چۆن دەبینی؟

+ بەڕاستی من خۆم لەو ئاستە نابینم کە ئاستی هونەری گۆرانی و مۆسیقا هەڵسەنگێنم و تەقییمی بکەم.بەڵام بەڕای من.. هەمومان لە کۆششین بۆ پەرەپێدان و بەرەوپێشەوە بردنی هونەر.. بەڵام هەر یەکەو بە گوێرەی بوارو بیرکردنەوەو ڕۆشنبیری هونەری خۆی، زۆرمان هەیە بە هەڵە لە مەسەلەکە گەیشتووە و گومڕا بووەو خۆشی نازانێ چی دەکات، تەنها بۆ شوهرەتی شەخسی خۆی کار دەکات و هەندێك تا ڕادەیەك بە جوانی کار دەکات و هەندێك لە بابەتە گرنگەکان کار دەکات تەنها بۆ خزمەت گەیاندن بە هونەرو کەلتوورو ڕەسەنایەتی.. هەر چۆنێك بێت بزاڤە هونەرییەکە زۆر لە گەڕەو هەڵبەت لە بەرەوپێش چوونە.

- تا چەند لە بەرهەمەکانی خۆت ڕازیت؟

+ لە بەرهەمەکانی خۆم ڕازیم تا ئەو ڕادەیەی کە خەڵکانێکی هونەرمەندو هونەر دۆست دەست خۆشی لێ بکەن.. چونکە بە حەقیقەت بۆ کاری هونەری ناتوانی خەڵکانێکی سادە، یان هەموو خەڵك بکەیت بە قیاس.. دەنا بەڕاستی گومڕا دەبیت..

بەڵام قەت بەوە ڕازی نابم کە بەرهەمی داهاتووم لە ئاستی ئەم بەرهەمانەی ئێستام بن.. حەتمەن دەبێت بەرهەمی داهاتووم باشتر بێت.. لەبەر ئەوەی خۆم لە ئاستی لێپرسینەوە دەبینم.

- بەرهەمی تازەت هەیە؟

+ بەرهەمی تازەم بریتییە لە (CD)یەکی نوێ، کە ئاواتم ئەوەیە بە زووترین کات بەرهەم هێنانی تەواو بێت و بکەوێتە ناوەندی هونەری و تۆمارگەکان و.. گۆرانییەکانیش بریتین لە: (کە مردم، بەفرو پشکۆ، هەڵوەرین، لە دوای کۆچت، ئامینێ، مەرگەسات، پەیڕەو).. هیوادارم ئەلبومێکی زۆر ناسك و سەرکەوتووی لێ دروست بێت.. کە جێی ڕەزامەندی هونەرمەندو هونەر دۆستان بێت.

سێیەمین فیستیڤاڵی منداڵان لە کەلار

ئا: سەردار

لە یادی ڕاپەڕین و نەورۆزدا ڕۆژی 15 / 3 / 2002 لانەی منداڵانی کوردستان لقی کەلار. بە هاوبەشی (بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ) لقی کەلار سێهەمین فیستیڤاڵی ئەدەبی منداڵانی بۆ (شیعرو چیرۆك) ساز کرد. لە هۆڵی گەشەپێدانی مەدەنییەت لە شاری کەلار بە بەشداری کردنی 50 منداڵی کوڕو کچ لە بواری شیعرو چیرۆك، بەڵام لەو 50 بەرهەمە تەنها (10) بەرهەمی شیعرو (10) بەرهەمی چیرۆك پاڵێوران بۆ بەشداری کردن لە فیستیڤاڵەکەدا.

سەرەتا بەڕێز محەمەد سابیر بەڕێرسی لانەی منداڵان لقی کەلار تیشکی خستە سەر کارو چالاکییەکان و مێژووی دروست بوونی لانەی منداڵان لە کەلار. هەروەها مامۆستا فایەق ڕەحیم چیرۆکنووس و کارگێری بنکەی کەلار. باس لە گرنگی ئەم فیستیڤاڵە کردو داوای لە منداڵان کرد کە خۆیان دوور بگرن لە کۆپی کردن و دووبارە کردنەوە. دەستخۆشی لەو منداڵانە کرد کە هەوڵی جدییان داوە بۆ نووسینی بەرهەمەکانیان. دوای ئەم لە لایەن منداڵانەوە دەست کرا بە خوێندنەوەی شیعرو چیرۆکەکانیان پاشان لە لایەن لێژنەی تایبەتەوە یەکەم و دووەم و سێیەم دەستنیشان کرا لە هەردوو بوارەکە.

یەکەمی شیعر:

تەرزە نووری، دووەمی شیعر: ڕێبەر عەلی، سێیەمی شیعر: ئەرسەلان حەمە ڕەشید

لە بواری چیرۆك

یەکەم: دابان عەزیز، دووەم: سالار محەمەد، سێیەم: تەرزە نووری

لە کۆتایی فیستیڤاڵەکەدا خەڵات بەسەر سەرکەوتووان دابەش کرا.

ماوەتەوە بڵێین کە بەداخەوە نوێنەری هیچ دامودەزگایەك و پەروەردە تەنانەت کەس و کاری منداڵانی بەشدار بوو ئامادەی فیستیڤاڵەکە نەبوون.

چیرۆك بۆ منداڵان

کۆترو راوچی

و: لە فارسییەوە/ سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

پۆلێك کۆتر سەربەست و شاد بە ئاسماندا هەڵدەفڕین و چێژیان لەو ئازادییە وەردەگرت و لە پاش ماوەیەك بۆ پشودان لەسەر درەختێك نیشتنەوە.

دانێکی زۆر لەبەردەم درەختەکەدا ڕۆکرابوو، کۆترێکیان دانەکانی بینی، هەر بۆیە بە ئارامی دای لە شەقەی باڵو بە یەك خول خۆی گەیاندە خوار درەختەکە و چەند دانێکی خوارد، هەستی کرد دانەکان تازەو بەتام بوون، هەر بۆیە بانگی هاوڕێکانی کرد تا وەکو لەم دانە بخۆن، کۆترەکان هاتنە خوارەوەو دەستیان کرد بە دان خواردن تا تەواو تێر بوون، یەکێ لە کۆترەکان ویستی هەڵفڕێ، بەڵام نەیتوانی، هەستی کرد داوێك بە قاچەکانیەوە گیری خواردوە.

کۆترەکانی تریش ویستیان هەڵفڕن، بەڵام بەنەکانی داوەکە قاچی ئەوانیش گرتبوو.

راوچی لە بۆسەدا بوو، گوێی لە شەقەی باڵی کۆترەکان بوو، بە خۆشحاڵییەوە بەرەو لایان ڕایکرد.

کۆترەکان بە پەلە لە باڵیان دەدا، هەر یەکە بۆ ئازاد بوونی خۆی تێدەکۆشا، بەڵام بێ سوود بوو، لە ناویاندا کۆترێکی داناو هۆشیار هەبوو کە ناوی (توقی) بوو، وتی:

ئەی هاوڕێیان هەق وابوو کاتێك کە ئەم دانانەمان بینی بیرمان بکردایەتەوە کە کێ ئەم دانانەی ڕۆکردوە، ئەم هەموو دانا تازەو بە تامانە بۆچی لەبەر ئەم درەختە هەڵڕژاوە، ئەگەر بیرمان بکردایەتەوە نەدەکەوتینە ئەم داوەوە.

ئێستاکەش ئەگەر کەمێ بیر بکەینەوەو یەکگرتوو بین، دەتوانین ڕزگاری بەدەست بهێنین، هەر بۆیە پێویستە کەمێك ئارام بگرن و ئەو کاتە بە فەرمانی من، هەموو بەیەکەوە هەڵدەفڕین.

ڕاوچی بە پەلە بەرەو لای درەختەکە ڕایدەکرد کە توقی فەرمانی فڕینی دا کۆترەکان بە فەرمانی ئەو بە جارێك لە باڵیانداو داوەکەیان هەڵکەندو بردیان بەرەو ئاسمان.

ڕاوچی بە خۆی وت: ئەم پۆلە کۆترە سەرەنجام ماندوو دەبن و دەکەونە سەر ڕووی زەوی. وا باشە دوایان بکەوم، بەڵام کۆترەکان کە بە تەواوی هێزیانەوە لە باڵیان دەدا، لەبەر چاوی ڕاوچی ون بوون و لە پاش ماوەیەك لە کەنار جۆگەلەیەکی ئاودا نیشتنەوە.

لە کەنار جۆگەلە ئاوەکەدا، کونە مشکێك هەبوو، توقی لە کۆنەوە لەگەڵ ئەم مشکەدا ئاشنایەتی هەبوو ئەوی بە زیرەك بانگ دەکرد، مشکەکە کە لە کونەکەی خۆیدا خەوتبوو لە دەنگی باڵی کۆترەکان بێدار بووەوو لە کونەکەی هاتە دەرەوە، هەر کە توقی و هاوڕێکانی بەو جۆرە بینی، چوە پێشەوە بۆ قرتاندنی بەنەکانی پێی توقی.

توقی وتی: هاوڕێ، سەرەتا داوەکە لە پێی هاوڕێکانم بکەرەوە، حەز دەکەم ئەوان زووتر ئازاد بن. زیرەك بە خێرایی بەنەکانی داوەکەی قرتاندو کۆترەکان ئازاد بوون و سوپاسی مشکەکەیان کرد، ئینجا کەمێك ئاویان خواردەوەو ئازاد و شاد بە ئاسمانی شیندا کەوتنە فڕین. وەختێك کە کۆترەکان سەر لەنوێ خۆیان بە ئازادی بینیەوە، بەیەکەوە بڕیاریاندا کە ئیتر هەڵەی خۆیان دووبارە نەکەنەوە تا وەکو گرفتاری داوی ڕاوچی نەبنەوە.

سەرچاوە: کیهان بچەکان/ ژمارە: 2203



هەر دوێنی بوو

مەحاڵە لەبیرت بکەین

ئیسماعیل بەرزنجی

هەموو بەهارێك بریتی کۆن و نوێم دەکولێنەوە، چەند ڕاپەڕین و ئازادیم لەلا پیرۆزە هەزار ئەوەندەش ڕقم لەوانەیە کە بەهاریان لێ دزین و خیانەتیان لە خوێنی شەهیدان کرد.

ئەوە چوار بەهارە من و سەدان بڕادەرو هاوڕێی مامۆستا (ئەنوەر سلێمان) بە ئاخ و حەسرەتەوە بە یەکتر دەڵێین:

- ئای خۆزگە ئێستا لەگەڵماندا دەبووی.

- لە باخە جوانەکەی بارەگای یەکێتی مامۆستایان، لە کونجێکی یانەی ئازادی،

- لە بارەگای حزب و لە هەر شوێنێك... کە وێنەی تۆ دەبینینەوە.. روو لە یەکتر دەکەین و دەڵێین:

تۆ وشەی -ییری- ت پڕ بە پێستی خۆی بەکار دەهێنا بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە هاتنە سەر حازری و پێشتریش دژ بەو میللەتە بوون.

مامۆستای هەمیشە لاو.. و هاودەمی چوارسالی شەوانەم، ئەی سیمبولی ئاشتی و تەبایی:

ئەو ڕۆژانەی کە براکان ڕووی تفەنگەکانیان کردبووە یەك.. تۆ لەژێر سێبەری ویزە ویزی گوللەدا تێدەپەڕیت و هاوارت دەکرد:

- عەیبە.. وەڵلا عەیبە... گەنگێ کەبابی تەبایی دەخۆین.

تۆ هەر لە بەیانییەوە تا نیوە شەو لەناو خەڵکدا بوویت، خاوەنی پرسگەو مەفرەزەی چەکدارو سەیارەی ئاخیر مۆدێل و جانتای گەورە نەبوویت، تۆ تەنیا دڵێکی ئەوندە گەورەت هەبو کە پڕ بوو لە ئەڤین و تێکۆشانی ئەم میللەتە.

تۆ.. چاوەڕێی هیچ دەستکەوت و ئیمتیازو دەست لە پشتدانێکی گەورەکان نەبوویت... بەڵکو چاوەڕێی دڵشکاوێکی دوای ڕاپەڕینت دەکرد کە ئاخ و حەسرەتی خۆت لە لات هەڵبڕێژێ و تویش دڵی بدەیتەوەو گەشبینی لەلا دروست بکەیت.

لەلای تۆ هەموو ڕەنگەکان جوان بوون.

لەلای تۆ هەموو گوڵەکان قەشەنگ بوون.

تۆ مامۆستا- ئەنوەر سلێمان- بووی.

مەحاڵە لەبیرت بکەین.

پیرۆز بێت یادی 68 ساڵەی حزبی شیوعی عێراق



ڕێگای کوردستان
خاوەنی ئیمتیاز: کەمال شاکر
سەرنووسەر: محەمەد ئەحمەد ئامێدی
تەلەفۆن: 2220536
نرخی سێ دینارە
WWW.iraqcp.org
E-MAIL: Iraqicp.Org/regay
پۆستی ئەلیکترۆنی:
REGAY_KURDISTAN@HOTMAIL.COM
لە ڕێی سەنتەری ئاسیا هەولێر/ کوردستان -عێراق
TEL: 00442086347745 FAX: 00442086347747 FREE CALL: 0800697480